# دواهەناسەی چیخۆف



گۆرانیی چایکا یەکێکە لە دیارترین تێکستە شانۆییەکانی نووسەری بەناوبانگی رووسی (ئەنتوان چیخۆف) کە لەسەر زاری (ڤاسیلی و نیکیتا)وە بێئومێدییەکانی ئەکتەری شانۆیی لە دوای چرکەساتەکانی نمایشەوە دەخاتەڕوو. ئەم تێکستە یەکێکە لەو دەقانەی چیخۆف کە لە شانۆی کوردیدا، لە رابردوو و ئێستادا دەیان جار خراوەتە سەر تەختەی شانۆ، دواجاریش ئێوارەی 7/7 /2008 لە هۆڵی رۆشنبیریی دەربەندیخان ئەم نمایشە پێشکەشکرا، لە نواندنی (حەمەڕەئوف ئەحمەد، پێشرەو حەمید، سیروان رەفعەت، شەماڵ ئەحمەد) و دەرهێنانی سیروان رەفعەت و بەرهەمی )گروپی عەشقی شانۆ) بوو.

جگە لە گۆڕانکاری لە فۆرم و گرێی دەق و رێچکەی هەرەمی دەقدا، دەرهێنەر ناوی شانۆییەکەی لە (گۆرانیی چایکا)وە گۆڕیوە بۆ (دواهەناسە)، ئەم گۆڕانکارییەش تا ڕادەیەک پەرتەوازەیی و جەنجاڵییەکی دروستکردبوو لە نمایشەکەداو وایکردبوو بینەر بە ئاسانی نەچێتەوە سەر هێڵە گشتییەکانی نمایش.

سەبارەت بە شێوازی گشتیی شانۆییەکە، دەرهێنەر وتی: (رووداوەکانی نمایش قسەکردنێکی شێلگیرانەیە لەسەر فاکتەرەکانی بێئومێدبوونی مرۆڤ لە هەموو بەهرەو قوربانییەکانیدا، کە بوونەتە رابردوویەکی تاڵ لە ئێستای خۆیدا..). سەبارەت بەو کارەکتەرانەی کە زیادی کردووە بۆ دەقەکەی چیخۆف، وتی: (زیادکردنی ئەو کارەکتەرانە بۆ کەشفکردنی ئەو هەستە هەڵچوونانەیە کە چیخۆف نەیویستووە راستەوخۆ لە زاری کارەکتەرەکانییەوە قسەیان لەسەر بکات، بەم ئاراستەکردن و زیادکردنی کارەکتەرانەش رەهەندەکانی تێکشکاندنی ناخ و بێهودەبوونی مرۆڤ دەگاتە ترۆپک .)

بارین